مەسعود بارزانی پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانی کرد

مەسعود بارزانی پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانی کرد و لە پەیامەکەی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتووە، "برای بەڕێز کاك محەممەد حاجی مەحمود سەرۆکی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، بەبۆنەی چل و حەفتەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی بەڕێزتان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و سەرجەم ئەندام و لایەنگرانی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان دەکەم".

لە پەیامەکەی مەسعود بارزانی هاتووە، "لەو یادەدا پێزانینم بە خەبات و قوربانیدانی ئەو و حیزبەکەتان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا هەیە و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بە دەخوازم، هیوادارم بە هیممەتی گشت لایەك کار بە پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان بکرێت و کوردستان بەسەر کەسپ و تەحەدیاتەکاندا سەربکەوێت".